# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢٦٠) لە ٢٠٢٤/٨/٢١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٥) لە ٢٠٢٠/٧/٨، و ئاماژە بە هەردوو نووسراوی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٨٣/١/١) لە ٢٠٢٤/٧/١٨، و (٨٤/١/١) لە ٢٠٢٤/٧/٢٣، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٧) لە ٢٠٢٤/٨/٢١، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. جەختکردنەوە لە بەڕێزان وەزیرەکان و سەرۆکی لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت کە پێویستە بەپێی تایبەتمەندیی وەڵامی سەرنج و تێبینی و ڕاسپاردەی هاتوو لە ڕاپۆرتەکانی تیمی هاوبەشی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم و فیدراڵ بدەنەوە سەبارەت بە داهات و خەرجی و میلاک و لیستەکانی مووچە و بایۆمەتری و سیستمی پەیڕۆڵ و کەموکورتییەکان چارەسەر بکەن و ڕێکاری پێویست وەربگرن لەم بارەیەوە بەتایبەتیش هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری و سامانە سروشتییەکان بە جۆرێک نابێ هیچ بەهانە و بیانوویەک بۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵ بهێڵدرێتەوە بۆ دواخستنی خەرجکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم.

٢. جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی بڕگەکانی بڕیاری پێشووتری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٥) لە ٢٠٢٠/٧/٨ تایبەت بە قۆناغی دووەمی پڕۆژەی تۆماری بایۆمەتری و پڕۆژەی سیستمی ئەلکترۆنی ناوەندیی مووچە (سیستمی پەیڕۆڵ-Payroll system)، و پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرجەم یەکە ژمێریارییەکانی گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ڕێکاری پێویست وەربگرن بۆ تەواوکردنی پێداویستییەکانی بەرکارخستنی پڕۆژەی سیستمی ئەلکترۆنی ناوەندیی مووچە (سیستمی پەیڕۆڵ-Payroll system) و پشتبەستن بەم سیستمە وەک سەرچاوەی زانیاریی باوەڕپێکراو لەم بوارەدا و نوێکردنەوەی بەردەوامی زانیارییەکان کە بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵە پڕۆژەکە ئامادەیە بەڵام وەک پێویست سوودی لێ وەرنەگیراوە.

٣. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی پشتبەستن بە داتا و ژمارە و زانیارییەکانی تۆمارکراو لە داتابەیسی بایۆمەتری بۆ ئامادەکردنی لیستی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و ژمارەی کەسیی پێهاوتا (VPN) و بە گوێرەی کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی پڕۆژەی تۆماری بایۆمەتری لە ٢٠٢٤/٧/٣٠ کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم بڕیارەیە.

٤. ڕاسپاردنی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بە جۆرێک لە ماوەی یەک مانگ پڕۆژەی سیستەمی ئەلکترۆنی ناوەندیی مووچە (سیستەمی پەیڕۆڵ- Payroll system) تەواو بکرێت بە هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکان و فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و بەڕێوبەرایەتی گشتی ژمێرکاری و بودجە و میلاکات و نابێت هیچ کەمتەرخەمی لەم پرۆسەیە بکرێت و بەڕێوبەری گشتی دیوانی وەزارەتەکان ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ گشت یەکە ژمێرکارییەکانی وەزارەت بکەن بۆ ڕاهێنان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە.

٥. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون کاری چاودێریی بەدواداچوون بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە ئەنجام دەدەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**